# یازدەیەم: قوتابخانەی ئینگلیزی و ئاسایشی نەتەوەیی

قوتابخانەی ئینگلیزی هەندێك جار پێدەوترێت ڕیالیزمی لیبرالی، یاخود قوتابخانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (International Society) وباس لەوە دەکات کە لەسەرئاستێکی نێودەوڵەتی، کۆمەڵگەی دەوڵەتان هەیە (Society of States). قوتابخانەی ئینگلیزی بۆیەکەم جارلە ساڵی ١٩٧٠ سەریهەڵدا بۆ ئەوەی پێناسەی گروپێك لە نووسەرانی بەناوبانگی بەریتانی بکات کە پێیانوابوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامانجی سەرەکییە لە هەموو شیکارییەکان. گرنگترین ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە هێدلی بووڵ (Hedley Bull)، مارتین وایت ((Martin Wight، جۆن ڤینسێت (John Vincet ) و ئادەم واتسۆن (Adam Watson) کە بڵاوکراوەکانیان لەنێوان ساڵانی شەستەکان بۆ هەشتاکان دەرکەوت. بەڵام لە ساڵانی دواییدا گرنگترین زانایانی ئەم قوتابخانەیە بریتیبوون لە "ڕۆبێرت جاکسۆن" ((Robert Jackson و باری بۆزان(Barry Buzan) و تیم دۆن (Tim Dunne) و نیکۆلاس ویلەر ( Nicolas Wheelerهەرچەندە زۆرترین بایەخ وکاریگەری قوتابخانەی ئینگلیزی لە بەریتانیایە، بەڵام بە یەکێك لە بەشە گرنگەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیش دادەنرێت. بنەمای سەرەکی قوتابخانەی ئینگلیزی ئەوەیە کە دەوڵەتانی خاوەن سەروەری کۆمەڵگا پێکدەهێنن، هەرچەندە سیستەمی نێودەوڵەتی لە فۆرمێکی ئەنارشیدایە (پاشاگەردانی)یە، ئەمەش بەو مانایەدا نایەت کە خۆیان بەدەستەوە بدەن بۆ دەسەڵاتێکی بەرزتر.

ئەو ڕاستییە پێماندەڵێت ئەو دەوڵەتەی سەرکەوتوو بێت لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خاوەن سەروەری، دەبێتە وەرچەرخانێکی گرنگ لە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە. قوتابخانەی ئینگلیزی پێیوایە ئەگەر سەروەری دەوڵەت نەمێنێت، ئەوا ترس و توندوتیژی و ناسەقامگیری و نائاسایشی دێتە ئاراوە. گرنگترین ئەندامانی قوتابخانەی ئینگلیزی بابەتی توندوتیژی بە نەخۆشییەکی کوشندەی کۆمەڵگەی ئەنارشی(Anarchical Society) دادەنێن. لە هەمانکاتدا پێیان وایە کە خودی دیاردەی توندوتیژی کۆنترۆڵ دەکرێت بە عەقڵانییەت ویاسای نێودەوڵەتی. هەرچەندە دەوڵەتان لە باری ئەنارشی دا دەژین، بەڵام ئاستێکی بەرزی هەماهەنگی وکاری پێکەوەییان هەیە لە نێوانیان دا.

ئەندامانی قوتابخانەی ئینگلیزی لەسەرئەوە کۆکن کە سیستەمی سیاسیی نێودەوڵەتی زیاترسیڤیل و ڕێکخراوە، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕیالیست ونیۆڕیالیستەکان. زانایانی قوتابخانەی ئینگلیزی پێیان وایە کە توندوتیژی بنبڕناکرێت و ئەم ڕایەش ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن ئایدیالیستەکانەوە کە باوەڕیان وایە ئاشتی هەمیشەیی دەتوانرێت دەستەبەربکرێت(See: buzan, 2004: pp. 10-23).

زانایانی ئینگلیزی پێشبینی ناکەن کە سیستەمی نێودەوڵەتیش بتوانێت هەماهەنگی بەردەوام بکات، بەڵام کۆکن لەسەرئەوەی کە ڕێژەیەکی بەرزی ئاسایش دەتوانرێت بەدەست بێت لە دەوڵەتە بەهێزو سەقامگیرەکان. ئەم قوتابخانەیە نزیکایەتی هەیە لەگەڵ تیۆری کۆنستراکتیڤیزم ((Constructivism، هەرچەندە، قوتابخانەی ئینگلیزی زیاترسەرنج دەخاتە سەرمێژووی جیهان، یاسای نێودەوڵەتی و بواری

تیۆری سیاسی. "باری بۆزان" ئەوە دەخاتەڕووکە سێ چەمکی سەرەکی دەتوانن قوتابخانەی ئینگلیزی ڕوون بکەنەوە کە ئەوانیش بریتین لە: ا-سیستەمی نێودەوڵەتی و ب-کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ج-کۆمەڵگەی جیهانی. (See: Buzan, 2004: pp. 23-29).

قوتابخانەی ئینگلیزیی کلاسیك دەستیپێکردووە لەگەڵ تێڕوانینەکانی ڕیالیزم سەبارەت بە سیستەمی نێودەوڵەتی کە پێکدێت لە دوو دەوڵەت یان زیاتر کە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. ئەم سیستەمەی قوتابخانەی ئینگلیزی سەر بە ڕیالیزم و سیاسەتی هێز(Politicis Power) دیاری دەکات. هەروەها بابەتی ئەنارشی نێودەوڵەتی لە ناوەندی بناغە تیۆرییەکەی دادەنرێت. ئەمە لە کاتێکدایە، هێدلی بوڵ، لەلای خۆیەوە پێناسەی سیستەمی نێودەوڵەتی دەکات کە پێکهاتبێت لە دوو دەوڵەت یان زیاتر کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و کاریگەری گرنگیان هەیە بەسەر بڕیار و هەڵسوکەوتەکانی ئەوی تر، بۆ ئەوەی هەموو بەیەکەوە لە مامەڵە کردن لەیەکەوە نزیك بن.( (13 :Bull, 1977.

هێدلی بوڵ، ئەوە دەخاتەڕوو کە دەوڵەتان چەند بەرژەوەندییەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەتایبەت ترسی توندوتیژی بێسنوورکە ئاسایشی نەتەوە وسنوورەکانیان دەخاتە مەترسییەوە وڕێگا خۆشدەکات بۆ دامەزراندنی چەند یاسایەك. بۆیە "بوڵ" پێناسەی بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بەوەی کاتێك کۆمەڵە دەوڵەتێك، یاخود ڕوونتربڵێین کۆمەڵگەیەکی سیاسی سەربەخۆ، کە تەنها سیستەمێك پێکناهێنن لەسەر ئەوەی کە مامەڵەی یەکێکیان لێکدانەوەیەکی گرنگە بۆ مامەڵەی ئەوانی تر، بەڵکو ئەوەیە کە بە دیالۆگ دامەزراوە لەگەڵ چەند یاسایەك ودامەزراوەیەك کە هەموویان لەسەری کۆکن بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە پەیوەندیەکانیان ڕێکبخەن و سوود لەیەکتری وەربگرن و بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان بکاتەوە. (See: Bull&Watson, 1986: pp. 1-3).

لە ڕوانگەی بوڵەوە، هەموو کۆمەڵگایەك پێویستە سێ ڕێوشوێن بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ناوبنرێت کۆمەڵگا، یەکەمیان بریتییە لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی، کە گرنگترینیان سنووردارکردنی بەکارهێنانی هێزە تیایدا، لەگەڵ پاراستنی مافی خاوەندارێتی و ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنەکان. ئەم سێ یاسایە، لە چەند دامەزراوەیەك باسکراون کە پەیوەندیدارن بە پێکهاتەی نۆرماتیڤی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لە قوتابخانەی ئینگلیزیدا جەنگ، زلهێزەکان، دیپلۆماسییەت، باڵانسی هێز، یاسای نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت، بەتایبەت لە پرسی ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەوڵەتێك لە لایەن دەوڵەتێکی ترەوە، بەڵام لە ڕاستیدا، هیچ دامەزراوەیەکی تایبەت نییە کە دەوڵەتان پابەند بکات بەم بنەمایانەوە، بەڵکو ئەوە نۆرمە کەوا لە دەوڵەتان دەکات، هەندێك جار سەروەری یەکتر بپارێزن. بە واتایەکی تر، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو گۆشەوە دەبینرێت کەوا پەیوەندییەکی ڕێکخراوە لەسەر بنچینەی نۆرم، کاتێك خودی ئەندامەکانی ئەوە قبوڵ دەکەن کە ئەوان بەلایەنی کەمەوە بەرپرسیارەتی سنووردارییان هەیە بەرامبەر بە یەکتر و کۆمەڵگاکان.( 281 :See: Brown, 1983). بۆیە دەوڵەتان بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە دەکەون، بەڵام نەك بەشێوەیەکی ڕەها.

به شێوەیەکی گشتی، قوتابخانەی ئینگلیزی دابەشبووە بە سەر دوو لقی سەرەکی و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پلورالیستەکان (Pluralists)، باسی هەمەچەشنی مرۆڤ و نەریتە جیاوازییەکانیان لە ڕووی سیاسەت و ئایین وزمان و نەتەوەیان دەکەن. ئەم ڕێگایە دەگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگایەك کە ڕێگا دەدات بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی دەوڵەتەکان، بەو شێوازە حکومەتەکەی خۆیان دەیانەوێت. ئەم ڕێگەیە بە بەهێزترین شێوە بەکارهاتووە لەلای "رۆبێرت جاکسۆن"، لە پەرتووکی (The Global Covenant: Human Conduct in a World of State) دا.

٢- سۆلیداریستەکان (Solidarists)، بەپێچەوانەوە پێیانوایە کە کۆمەڵگای دەوڵەتان دەبێت هەوڵی زیاتر بدەن بۆ باشترکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ و دژی مافی دەوڵەتانن بۆ سەربەخۆیی سیاسی و دژی ڕەتکردنەوی دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆ. ئەم ڕایە دەتواندرێت لە بابەتەکانی نووسراولەسەر دەستێوەردانی مرۆیی بەرجەستە بکرێت، وەکو نووسین و بیروراکانی نیکۆلاس ویلەر (Nicholas J. Wheeler)، لە پەرتووکی (Saving Strangers: Humanitarian Intervention in International Society) (See: Dunne, 1995: 3).

سەرەڕای ئەم دوو خاڵە، چەند ڕوانگەیەکی تر هەیە لە نێو خودی قوتابخانەی ئینگلیزی، هەروەك دیارترینیان ئەوەیە هەندێك زانا پێیانوایە کە ڕێگاکانی قوتابخانەکە دەبێت مێژوویی بێت وەکو "رۆبێرت جاکسۆن" و "تیم دۆن". هەروەها هەندێکی تر پێیانوایە کە بەشێوەیەکی میتۆدی دەبێت پلورالیستی بێت بۆ ئەوەی سوود ببینێت لە تیۆری پۆزتیڤیزم بۆ ئەم قوتابخانەیە، وەکو "باری بۆزان" و "ڕیچارد لیتل". (Pruszinsky, 2013: 1).

قوتابخانەی ئینگلیزی و ئاسایشی نێودەوڵەتی زۆر بەکەمی بەیەکەوە دەردەکەون لە هەمان ڕستەدا، بەڵام ئەوەی یەکەمیان دەتوانێت شوێنکەوتەیەکی گرنگی خوێندنەوەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بێت، هاوتا لەگەڵ ڕیالیزم ولیبرالیزم وکۆنستراکتیڤیزم. (Buzan, 2015: 10). لە یەکەم تێڕوانین، قوتابخانەی ئینگلیزی وادەرناکەوێت کە بایەخ بدات بەهەموو ئەو ڕێگایانەی کە سەر بە خوێندنەوەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتین. بەڵام لەگەڵ گرنگیدانی بوڵ بە یاسا، کلارك بە شەرعیەت(Clark, 2005: pp. 51 -71)، پاشان واتسۆن بایەخدانی بە (raison de systeme)، کە بە مانای هاندان بۆ بەکارخستنی سیستەم دێت(Watson, 1992: 14). قوتابخانەی ئینگلیزی، زۆر بە لیبڕاڵ سەیر دەکرێت لەلای ئەوانەی کە سەرنج دەخەنە سەر (raison d'etat)، و زۆر لایەنگری بۆ مەرکەزیەتی دەوڵەت (state-centric) بۆ ئەوانەی کە گرنگی دەدەن بە تیۆرییەکانی ئاسایشی شیکاری لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی و مرۆیی. هەرچەندە چەمکە سەرەکیەکانی قوتابخانەی ئینگلیزی کە بریتین لە سیستەمی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وکۆمەڵگەی جیهان، ڕەگەزێکی ڕیالیزمی، (raison detat)ش لەخۆ دەگرێت کە بە مانای پاساو هێنانەوە دێت لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ پێشێلکردنی یاسا، لەوانە مافەکانی مرۆڤ،

بەمەبەستی ئامانجێکی گەورەتر کە ئەویش توندوتۆڵکردنی ئاسایش یاخود مانەوەی دەوڵەتە. لە پراکتیکدا، بەشی هەرە زۆری قوتابخانەی ئینگلیزی سەرنج دەخاتە سەر کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی، هەروەها نۆرم ویاسا و دامەزراوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی کەم لە ناو قوتابخانەی ئینگلیزی بەوردی ڕەگەزەکانی بەرنامەی خوێندنەوەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتیان باسکردوە لەسەر پرسەکانی ئاسایشی مرۆیی و دەوڵەتی ناوەندی.

پرسە سەرەکییەکانی قوتابخانەی ئینگلیزی دەربارەی سەقامگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە "بۆڵ و واتسۆن" باسیان کردووە، هەروەها دەربارەی نایەکسانی کە "کین" پێداگری لەسەر دەکات، وەکو مشتومڕە ئاسایشییەکان دەتوانرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت دەربارەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها ناسەقامگیری ئەوانەی کە بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. سەرەڕای ئەوە، لە نووسینەکانی خۆیدا، بوڵ، سەرنجی خستۆتە سەر کۆنترۆڵ کردنی چەك، جەنگ و باڵانسی هێز وەکو هۆکارێك بۆ هێنانەدی ئاسایش. لەلایەکی تر دەبینین هێربەرت بوتەرفیلد (Herbert Butterfield) سەرنجی خستۆتە سەر نادڵنیایی یاخود تەنگژەی ئاسایش ((security dilemma)). قوتابخانەی ئینگلیزی بەشێوەیەکی سەرەکی وەکو ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی سەیردەکرێت لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان (See: Buzan, 2014: pp. 32-36). ڕێبازی کۆمەڵایەتی قووتابخانەی ئینگلیزی، بەشێوەیەکی سەرەکی تیشك دەخاتە سەر دامەزراوە سەرەتاییەکان (primary institutions)ی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. دامەزراوە سەرەتاییەکانیش پێکدێن لەو بیرۆکانەی کە ئەکتەرەکان ویارییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوە دەبەن. لەنێو چوارچێوەی مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، پێك دێن لە: سەروەری، سنووری دەوڵەت، باڵانسی هێز، جەنگ، یاسای نێودەوڵەتی، دیبلۆماسی، نەتەوایەتی، بەڕێوەبردنی هێزی زلهێزان، یەکسانی تاك، پێشکەوتن و بازاڕ، سەرجەم ئەم دامەزراوە سەرەتاییانە پێناسە و ناسنامەن بۆ ئەندامێتی ڕەوا و ناڕەوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

لەبەر ئەوەی کە دامەزراوە سەرەتاییەکان، یارییەکان و یاریزانەکان پێکدەهێنن، هەڕەشە بۆسەر ئەم دامەزراوانە لە ئارادایە بەتایبەت یاسا کۆمەڵایەتییەکان و یەکەکانی تر، کە تێڕوانینیکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات لەسەر (raison d'etat) و ((raison de systeme)). بۆ نموونە، گروپێکی نادەوڵەتی توندوتیژوەکو ئەلقاعیدە کە هەڕەشە دەکاتە سەردەوڵەتێکی خاوەن سەروەری وخاکەکەی، ئەوە تەنها هەڕەشە دروست ناکات بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری ئەم دەوڵەتە، بەڵکو بازنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەگرێتەوە. یاخود بەشێوەیەکی فراوانتر، نیگەرانییەکی گەورەی قوتابخانەی ئینگلیزی سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەیە کە یەکگرتوویی کەلتووری لە مەترسیدایە لە ئەنجامی فراوان بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ سەر ئاستێکی جیهانی کە سەرجەم سنوورەکانی ڕۆژئاوا و مەسیحییەتی تێپەڕاندووە.

لەم چوارچێوەدا دەبینین بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان قوتابخانەی ئینگلیزی و تیۆرییەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی، قوتابخانەی کۆپنهاگن تیۆری بەئاسایشیکردن ((securitization

بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە چۆن دەمەزراوە سەرەتاییەکان وەکو بازاڕ و سەروەری، و دامەزراوە دووەمیەکان وەکو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانن ببنە ئامانجەکانی بەئاسایشکردن لەچوارچێوەی خۆیاندا. (Wæver & de Wilde, 1998: 102).

لە قوتابخانەی ئینگلیزیدا(English School) دوو ڕوانگە لەبارەی ئاسایشدا هەیە، هەردووکیان لەسەر بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە هەڵگری بەهاکان، ڕیسا و دامەزراوە هاوبەشەکان کۆکن. بەڵام لەبارەی جۆری تێگەیشتنیان لە چەمکی ئاسایش هاوڕا نین. لە ڕاستیدا لە نێوان ئەولەوییەتی ئاسایشی دەوڵەت لەلایەك و ئەولەوییەتی ئاسایشی تاکەکان لەلایەکی دیکەوە دابەشبوونە.(Bellamy&McDonald, 2004: 308).

لەم قوتابخانەیەدا ڕوانگە یاخود لایەنە فرەگەراکان(The pluralist position) بە پێداگری لەسەر ئاسایشی دەوڵەت لەسەرئەوبڕوایەن کە ئاسایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێك دەستەبەردەبێت کە ئاسایشی دەوڵەتان پشتیوانی لە سەروەری، ڕێزگرتن لە بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان و بوونی سیستەمێکی نێودەوڵەتی جێگیر دەستەبەر کرابێت. ئەم ڕوانگەیە لەلایەن "هێدلی بۆڵ"(Hedley Bull) و "ڕۆبێرت جاکسۆن"(Robert H. Jackson) بەرگری و نوێنەرایەتی دەکرێت. "بۆڵ" ڕەگەزەکانی وەکو هاوسەنگی هێز، یاسای نێودەوڵەتی، دیپلۆماسی، جەنگ و ڕۆڵی زلهێزەکان بە هۆکاری بەرقەرای سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنێت. لە هەمانکاتدا "جەکسۆن" پێیوایە کە سیاسەتی جیهانی لەسەربنەمای ڕێککەوتنێکی جیهانییە کە کۆمەڵگەی فرەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دروست دەکات. ئەم ڕێککەوتنە جیهانییە لە هەندێك کاتدا لە نۆرم وپرۆسەکانی ناسینی دوولایەنەی سەروەری ویەکپارچەیی هەرێمی دەوڵەتان وەکو بنەمای بنەڕەتیی دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتاندا خۆی دەبینێتەوە.(Bellamy&McDonald, 2004: pp. 312-314).

بەڵام ڕوانگە و گروپی دووهەمی ئەم قۆتابخانەیە پێیانوایە کەوا ئاسایشی تاکەکان لە سەرەوەی ڕیزبەندی و ئەولەوییەتدایە. بۆ نموونە "نیکۆلاس ویلیەر"(Nicholas J. Wheeler) و "ئەندرۆ لینکلیتەر"(Andro Linklater). "ویلەر" پاڵپشتی لە مافە بنەڕەتییەکانی هاوڵایان لەلایەن دەوڵەتانەوە دەکات، هەرچەندە ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەوڵەت فاکتەری سەرەکیی بەرجەستەکردنی ئاسایشە، بەڵام ئەو تاکانەی کە لە بەردەم پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافەکانیاندان ئەولەوییەتیان هەیە و سەرچاوەی ئاسایشن. بۆیە ناوبراو لەسەرئەوبڕوایەیە کە بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتان هەموو کات بەڵێنی ئەخلاق خۆیان لەهەمبەر تاکاکەکان جێبەجێ ناکەن، بۆیە پێداگرتن لەسەرپاڵپشتی ڕەها لە سەروەری دەوڵەتان و ئاسایشی دەوڵەت کێشە و گرفت بۆ ئاسایش دروست دەکات. بەڵام "لینکلیتەر" هەوڵدەدات بۆ ئەوەی تاکەکان وەکو ئەندامی دروستکراوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسێنێت و لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکاندا جەخت لەسەر ناوەندایەتی تاکەکان

بکرێتەوە. (Bellamy&McDonald, 2004: pp. 315-316). بەگشتی قوتابخانەی ئینگلیزی ڕوانگەیەکی فرەگەرایانەی هەیە بۆ پرسی ئاسایش و سەرچاوەی ئاسایش هەم بە تاك و هەم بە دەوڵەت دادەنێت.